

# ٣٥ پرسیار

## گفتوگۆی

## ( ئۆریانا ڤالاچی ) لەگەڵ ( بیکاسۆ )

هەڤپەیڤینی : ئۆریانا ڤالاچی
وەرگێڕانی : کارزان محەمەد

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ ڕێگە دەدەیت چەند پرسیارێك دەربارەی ژیانی تایبەتیو دیاردە هونەرییەکانی تۆ بکەم.

–بیکاسۆ: بەدڵنیاییەوە خاتوو ڤالاچی، بەلام من لە ئێوەی ئیتاڵیایی دەترسم، کە هەندێ کات پرسیاری سەیروسەرسوڕهێنەرەکانی تۆ، وەلامدەرەکە گێژ دەکاتو نازانێت چی بڵێت.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ بەتەواوەتی ئاسودەبە، هیچ پرسیارێکی ئێمەی ئیتاڵیایی گێژکەرتر نییە، لە شێوازی بیرکردنەوەو کۆمپۆزیسۆنی تابلۆکانی تۆ. داوای لێبوردن دەکەم... بەیارمەتی تۆ پرسیاری یەکەمم بە پیرۆزترین وشە دەستپێدەکەم.

–بیکاسۆ: چاوەڕوانم...

*ڤالاچی: ئایا لەژیانی تۆدا هەندێکجار هەبووە کە لە خۆتدا هەستی (عەشق)ت سەبارەت بە کەسێ یان شتێکت کردبێت؟

–بیکاسۆ: مەبەستی تۆ لە بەکارهێنانی وشەی (شتێ) لەم پرسیارەدا چییە؟

*ڤالاچی: مەبەستی من ڕەنگە وشەی (پارە) بێت، چونکە لەتەواوی چاپەمەنییەکانی دنیادا سیمبولێکی تایبەتیان بۆ تۆ دروستکردوە کە لەژیانتدا لەهەمووشتێك زیاتر حەزت لە پارەیە.

–بیکاسۆ: ئایا ئەم حەزە تەنها ئاراستەی لە بیکاسۆیە؟ ئایا تۆ پارەت خۆش ناوێت؟

*ڤالاچی: ڕەنگە پلەی حەزەکان جیاواز بن.

–بیکاسۆ: تۆ ڕۆژنامەنوسێکی نێودەوڵەتیت، پێموایە هەموو ئەم ناوبانگییەی تۆ لەژێر کاریگەری پارەدا بووبێت، کە هێندە لەم ڕێگایەدا هەوڵتداوە

*ڤالاچی: ناپەسەندترین تابلۆیەك کە تائەمڕۆ کێشاوتە ناوی چییە؟

–بیکاسۆ: تابلۆیەکە کە من وێنەی خۆمم کێشابوو!

*ڤالاچی: ئایا تۆ بەڕای خۆتان هونەرمەندێکی ناپەسەندیت؟

–بیکاسۆ: نەك تەنها من، بەڵکو مایکڵ ئەنجیلۆش ناپەسەندترین هونەرمەندی قۆناغی ڕێنسانس بوو.

*ڤالاچی: بەلام ئەو لە پشت ئەم ناپەسەندییەوە، کۆمەڵە شاکارێکی زۆر جوانو نەمری لەدوای خۆی بەیادگار جێهێشت.

–بیکاسۆ: لەبەرئەمەی کە ئەو بیلمەت بوو.

*ڤالاچی: تۆش بلیمەتیت!

–بیکاسۆ: بەلام بەلوتفی تۆی ڕۆژنامەنوس، بیلمەتێکی شێت!

*ڤالاچی: پێموایە لەبارەی ناوبانگو ناسراوێتی تۆوە بەهەڵەدا نەچوون، تەنانەت نزیکترین دۆستی تۆ (بریژیت



بارتۆ)ش لە ناساندنی تۆدا ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت.

–بیکاسۆ: پشیلە درەندەکان هەندێکجار هەڵبەزو دابەزێك دەکەن، کە مرۆڤ دەبێ لێیانببورێت.

*ڤالاچی: ئایا مەبەستی تۆ لەم (ئاڵوگۆڕ)ەی کە لە وێنەکێشاندا هێناوتەتەئاراو وەك شێرپەنجەیەکی کوشندەو درم زۆرینەی توانستەکانی لەخۆگرتووە، چییە؟

–بیکاسۆ: ئەمە تەنها من نیم کە ئەم شێرپەنجە کوشندەیەم بڵاوکردوەتەوە، بەڵکو بەرلەمن ئەم میکرۆبەو درمە هەبووە، تەنها بەهۆی منەوە بەهێز بوو و ناسرا.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ! هەندێکجار وابیرتکردوەتەوە ئەگەر لەدایك نەبوویتایەو بیکاسۆ نەبووایە، بۆ هونەری تەندروستی ئەورووپا بەسودتر بوو؟

–بیکاسۆ: بەپێچەوانەوە بەرلەمن هونەرێکی تەندروست نەبووە.

*ڤالاچی: واتا دەتەوێ بڵێیت کە هونەرمەند نەبووە؟

–بیکاسۆ: کۆمەڵە هونەرمەندێك هەبوون، بەڵام نەخۆش بوون. هونەر لە حاڵەتی سەرەمەرگی خۆیدا بوو. هونەرمەندانی ڕێنسانس هونەریان لەکۆتاییەکەیەوە دەست پێکردو بە کۆتاییەکیتر کۆتاییان پێهێنا، ئەوان تەنها سەرنجیان لەسەر ڕۆشنکردنەوەی سەدەکەی خۆیان بوو، بەبێ ئەمەی کە بیر لە سەدەکانی ئایندە بکەنەوەو ڕێگایەك –هەرچەندە بچوکیش بوایە– بۆ نەوەکانی ئایندە واڵابکەنەوە.

*ڤالاچی: ئایا ئەم ڕێگایانە بۆ نمونە (لیۆناردۆ داڤنشی، مایکڵ ئەنجیلۆ و رافائیل) واڵایاننەکرد؟

–بیکاسۆ: ئایا تۆ حەز دەکەیت منیش ئەمڕۆ رافائیل بوومایە؟

*ڤالاچی: ناڵێم رافائیل بە، بەڵام لایەنی کەم پەیڕەویت لە قوتابخانەیەکی ڕەسەنی هونەریی دەکرد!.

–بیکاسۆ: هونەری ڕەسەن لای تۆ، تابلۆ بەناوبانگەکەی (خێزانی پیرۆز)ە کە مایکڵ ئەنجیلۆ کێشاوییەتی؟

*ڤالاچی: نەخێر، بەڕێز بیکاسۆ، چاوەڕوانیکردنی من لە بیلمەتێکی سەدەی بیستەم ئەمە نەبوو، کە دەستی هونەر بگرێت و بەرەو هەڵدێرێکی نهێنیئامێز ڕاکێشی بکات، کە کەس جورئەتی لێنزیکبوونەوەی نەبێت.

–بیکاسۆ: ئەم جورئەتە دەبێ مرۆڤەکانی سەدەی بیستەم هەیانبێت.

*ڤالاچی: ئایا دەزانیت لەو شارەی کە ئەمڕۆ تۆ نمایشی بەرهەمەکانی خۆت تیادا کردوە، لانکەی مەدەنییەتی دنیایە؟ پێتوانییە کە شاری رۆما لەگەڵ ئەم بەرهەمانەی تۆدا هەست بەنامۆیی دەکات؟

–بیکاسۆ: خاتوو ڤالاچی... لەبنەڕەتدا مەدەنییەتەکان و شۆڕشەکان هەمیشە لەئاڵوگۆڕەکانەوە هاتونەتەئاراوە، رۆما نەك تەنها لانکەی مەدەنییەتە، بەڵکو ناوەندو بزوێنەری ئاڵوگۆڕەکانی دنیاش بووە. بۆنمونە، ڕێنسانس گۆڕانێکی ڕەها بوو لەمەیدانەکانی هونەری و ئەدەبیاتدا، رۆما نەك تەنها لەگەڵ بیکاسۆدا هەست بە نامۆیی ناکات، بەڵکو ئەو لەسەربنەمای غەریزە مێژووییەکەی، میواندارییشی لێدەکات.

*ڤالاچی: تۆ لەزۆرینەی تابلۆکانتدا ڕووخسارو ئەندامی ڕێكوگونجاوی مرۆڤەکان، بوونەوەری سەیروسەرسورهێنەرت هێناوەتەئارا، ئایا هەستی ڕەشبینی، یاخود خواربینینی تۆ لەپەراوێزی ئەم دیاردانە لەهەمبەر مرۆڤدا، نیشان نادات؟

–بیکاسۆ: خاتوو ڤالاچی... باش وردبەرەوە کە دەڵێم چی، هەر مرۆڤێك لەخودەوە دیدگاگەلێکی تایبەتی لەهەمبەر ئەو شتەدا هەیە، کە لەبەرامبەریدایەو لەسەرهەمان غەریزە دادوەریی دەکات، من تۆ بە گوناهکارو تاوانبار نازانم، ئەگەر من بە دێوانە بزانیت، چونکە تێگەیشتنی تۆ بۆ ڕووخساری من و جوڵانەوەکانی من و شێوازی بیرکردنەوەی من وایە، بەهەمان ئەو کارئەکتەرە تایبەتییەی خۆتەوە چوویتەتە ناو کۆمەڵەوە، ڕەنگە لەلای سایکۆلۆژیستێك کەموکوریی بێت و یا بەپێچەوانەوە بەیەکێك لە سیفاتە باشەکانی تۆ بژمێردرێت، بەڵام من کاتێ کە بۆ داهێنانی بەرهەمێکی خۆم هەنگاو دەنێم، بزوێنەری من هەستی ڕەشبینی نییە لە ڕووخساری مرۆڤەکانی ئەمڕۆدا، بەڵکو لەهەمبەر شێوازی بیرکردنەوەو بیروباوەڕەکانی مرۆڤەکانی ئەمڕۆیە، ئەو مرۆڤانەی کە متمانەیان بە کەرامەتی مرۆیی خۆیان نییەو لێی بەگومانن، تەنانەت لە بوون و خۆشگوزەرانی خودی خۆیشیان. پێشتر تۆ باست لە بوونەوەری سەیروسەرسورهێنەر کرد لە بەرهەمەکانی مندا، کە من بەتەواوەتی لەگەڵ تۆدا هاورام،

تابلۆکانی من ڕەنگدانەوەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو نیشاندەری هەناوی ئەم بوونەوەرانەیە، کە لەگەڵ بوونی تێگەیشتنی خودو لەگەڵ بوونی هۆشیاری خۆیدا بەرەو هەڵەیەکی نامرۆیی بەرەوپێش دەچن.

*ڤالاچی: بەبڕوای تۆ ئایا ئەم دیاردە هونەرییەتان دەتوانێ، مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێنمایی بکات؟

–بیکاسۆ: داوای لێبوردن دەکەم خاتوو ڤالاچی، دیاردە هونەرییەکانی من ڕیفۆرمکەر نییە، بەڵکو ڕەنگدەرەوەیە.

*ڤالاچی: کەواتە هونەری تۆ جوڵانەوەیەکی لەسەرخۆ بەرەوپێشەوەیە.

–بیکاسۆ: بەڵام جوڵانەوەیەکی پێشڤەچوو لەڕێگای شەرافەتی مرۆیدا.

*ڤالاچی: پێموایە تۆ یەکەمین کەسایەتیت، کە لە قۆناغی ژیانتاندا کتێبو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر سەبارەت بە بیبیلۆگرافیاو بەرهەمە هونەرییەکانی تۆ نوسراوە، ئایا خودی تۆ لەم نوسینانە ڕازیت؟

–بیکاسۆ: بەڵام بەداخەوە، هیچ کەس بە نوسینو بەرهەمەکانی خۆی نەیتوانیوە یان نەیویستووە من بەوشێوەیە بناسێنێت کە هەم.

*ڤالاچی: ڕاستو دروست هاوشێوەی ئەو تابلۆیانەی خودی تۆ، کە لەگەڵ مۆدیلە ڕەسەنەکەیدا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە.

–بیکاسۆ: بەڵام بەیەك جیاوازی ئەویش ئەوەیە، کە من لەناساندنی بەرهەمەکانی خۆمدا، هەرگیز بانگەشەی بابەتێکی تایبەتم نەکردوە.

*ڤالاچی: ڕۆژنامەنوسەکان دەیانویست بەڕێز بیکاسۆ بناسێنن، لەبری ئەوە کەسایەتییەك پەیدا بوو، کە خودی بیکاسۆ شانازی بە ناسینییەوە نەدەکرد.

–بیکاسۆ: بەڕاستی بەباشی تێیگەیشتوویت!

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ سوپاسی تێڕوانینە باشەکەتان دەکەم، پێموایە ئەم ڕۆژنامەنوسانە، کە لە ناساندنی تۆدا بەهەڵەداچوون، شتێکی ئەوتۆ لە کرۆکی هونەریتان تێنەگەیشتوون.

–بیکاسۆ: ئەگەر هەمان پێشبینی تۆ قبوڵ بکەم، کەواتە هونەرمەندان چ حەزێکیان هەیە؟

*ڤالاچی: ڕەنگە پرۆسیسی ژیانی پڕلە بەسەرهاتی تۆ لەگەڵ ئەم هەموو ڕیسواییە ئاشقانەییەتان بەلای ئێمەی ڕۆژنامەنوسەوە لە هونەرەکەتان دڵگیرتر بووبێت، هەمان بەسەرهات بوو کە قوتابخانەی کوبیزمی هێنایەئارا.

–بیکاسۆ: (پێدەکەنێت) ئەگەر داوا لە تۆ بکەم، کە چیتر پرسیار لە من نەکەیت، دڵگران نابیت؟

*ڤالاچی: سەرەڕای ئەوەی کە دڵگران دەبم، زنجیرە پرسیارێکیترم ماوە، کە دەبێ تۆ وەڵامیان بدەیتەوە.

–بیکاسۆ: باوەڕ بکە هیچ بەرهەمێکی من تا ئەمڕۆ بەئەندازەی وەڵامی پرسیارەکانی تۆ، ئازاری منی نەداوە.

*ڤالاچی: ئایا یەکەمینجارە کە ئەم دانپێدانانە نەجیبانەیە دەکەیت؟

–بیکاسۆ: واتا چۆن؟

*ڤالاچی: واتا بابەتەکانی تابلۆکانی تۆ هێندە قوڵ نییە کە تۆ بە کۆمپۆزیسیۆنو ڕەنگاوڕەنگەوە، خۆت پێوەماندوکردوە.

–بیکاسۆ: بەپێچەوانەوە، من لەکاتی کاردا ئەوپەڕی توانا بەکاردەهێنم.

*ڤالاچی: لەکاتی هەڤپەیڤینیشدا کاڵوکرچی لە هزردا.

–بیکاسۆ: ڕەنگە تێگەیشتنی تۆ وابێت.

*ڤالاچی: بەیارمەتی تۆ بەڕێز بیکاسۆ، پرسیارێکیتری خۆم بەمجۆرە دەخەمەڕوو، کە تۆ دابوخوی زۆر تایبەت بە خۆت هەیە، بۆنمونە لەکاتی وێنەکێشاندا تا خۆت پێ پەتی نەکەیت، لەپشت سێپای وێنەکێشاندا دانانیشیت، ئەم خوە سەر بەکام فەلسەفەی تایبەتە. ڕەنگە جۆرە نەخۆشییەك بێت، کە بیلمەتەکان تایبەتیان کردوە بەخۆیانەوە؟

–بیکاسۆ: (پێدەکەنێت) مەڵێ پێ پەتی بەڵکو بڵێ نیوەڕووت.

*ڤالاچی: وادابنێین... نیوەڕووت.

–بیکاسۆ: ئەم کارە یەکێکە لە خوەکانی سەردەمی منداڵیم، کە هێشتا لە ئیسپانیا بووم، کاتێ کتێبەکانی قوتابخانەم ڕاڤە دەکرد، تا نیوەڕووت نەبوومایە، فێری نەدەبوومو بەزوویی لەبیرم دەچۆوە... ئەمڕۆش ئەگەر ئەم کارە لای تۆ بە فەلسەفە بزانرێت، یان بە نەخۆشی، ئەوا کارە هونەرییەکانی خۆمم لێیەوە دەستپێکردوە.

*ڤالاچی: ئایا تاقیت نەکردوەتەوە کە ئەگەر بە جلوبەرگەوە وێنەکێشی بکەیت لە ئەمڕۆ باشتر بەرهەمت دەهێنایە ئاراوە؟

–بیکاسۆ: بۆچی تۆ هەمان ئەزموون لەخۆتدا تاقیناکەیتەوە، ڕەنگە بەنیوەڕووتی بەشێوەیەکی باشتر لەمڕۆ پرسیارەکان بە لۆژیکیانەترو پاکیزەتر لە بەرامبەرەکەت بکەیت؟

*ڤالاچی: بەڵام من بەداخەوە بلیمەت نیم.

–بیکاسۆ: ئەم کارە پێویستی بە بلیمەتی نییە، خوو چ پەسەندکراو بێتو چ ناپەسەند بێت، پەیوەندیدار نییە بەم شتگەلانەوە.

*ڤالاچی: بەڵام ناتوانرێ وشەی (خوو) لەم کارە دابنرێت. ئەم جوڵانەوە ئەفسانەییە، کە بەشێوەی خوویەکی هونەرمەندانە، هەرلەزووەوە خۆی بەرجەستە کردوە.

–بیکاسۆ: بەهەرشێوەیەك بێت، لەدڵەوە سوپاسگوزاری تۆم کە ئەم ڕازە نهێنییەی منت ئاشکرا کرد، کە پێشتر لەلای خودی خۆشم نادیار بوو.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ، بەئەندازەی دنیایەك مەمنونو سوپاسگوزارم کە ئامادە بوویت زنجیرە پرسیارێکی من وەڵام بدەیتەوە، ئومێدەوارم لەئایندەیەکی نزیکدا دووبارە یەکتر ببینینەوەو لەسەر میزێك دابنیشینەوە.

**سەرچاوە: احمد توکلی، مصاحبە خلاق، انتشارات خجستە، چاپ دوم ۱۳۸۱، ص (۱۱٤–۱۲۰).**